# خەڵاتی نۆبڵ2005

فـــەهـــد گـــردەوانـــی
**ستۆكهۆڵم**
2005/10/3

ئەو هەفتەیە هەواڵی خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەب بڵاو دەكرێتەوە ...ناوی ئەو نووسەرە لەلایەن سكرتێری ئەكادیمیای سوید رادەگەینرێ ...لە ئێستاوە هەتا رۆژی راگەیاندنەكە دەیان ناو دەژمێردری و ناوی چەندی ترێش دەبەن كە بۆچی نەبون بە وەرگری ئەو خەڵاتە... هەندیک جار نووسەرەكە بەر لە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ ئەوەندە بەناوبانگ نیە كەچی ئەكادیمیا دەیكاتە بەناوبانگترین نووسەر و ئەو خەڵاتەی پێشكەش دەكات...لەو ماوەیە پێشانگای كتاب لە شاری یۆتۆبۆری {teborgöG } كرایەوە...چەند نووسەرێک بەشداریان كرد یەكێک لەو نووسەرانە ئۆرهان پامۆک بوو..



.ئەو نووسەرە لە توركیا لەدایک بووە ئەویش یەكێكە لەو نووسەرانەی لەپاڵ نووسەرانی وەكو ئەدۆنیس و یەشار كەمال و میلان كوندیرا و بوب دیلان و،سەدانی تر لە لیستەی پاڵێوراوی خەڵاتی نۆبڵن...ئۆرهان پامۆک{Orhan Pamuk } لە 1952/6/7 لە ئەستەمبۆڵ لە دایک بووە...سێ ساڵ لە نیویۆرک ژیاوە...لەساڵی 1974 دەستی بە نووسین كردووە...ساڵی 1979نۆڤڵی بەناوی جەودەت بەگ و كوڕەكانی،خەڵاتی رۆژنامەی میللیەتی وەرگرتووە...ئورهان پامۆک كتابەكانی بۆ 30 زمان وەرگێردراوە...بەهاری رابووردوو بۆ ماوەی سێ مانگ چۆتە ئەمریكا هەتا لەبەرچاوان وون ببێ ،لە توركیا ناشیونالیزمەكان و فیندەمیتالیزمەكان رقیان لێیەتی ... دادگای توركیا بڕیاری زیندانی بۆ دەركردووە، گوایە هەویەتی {ناسنامەی}توركیای شێواندووە، ئەمیش ئۆرهان لە رۆژنامەیەكی سویسری باسی ئەوەی كردووە كە تورک ملیۆنەک ئەرمەن و سی هەزار كورد یان كوشتووە.ئەو بڕیارە بووە نیگەرانی لە جیهاندا، بەتایبەت كە توركیا دەخوازی ببیتە ئەندام لە یەكێتی ئەوڕوپا، دادگا رەنگە مانگی 12پێک بێت...بۆ ولاتانی ئەروپای دیموكراتیخواز شەرمەزاریە رێگا بدرێ كە توركیا ئازادی ووشە لە داد بدات..لە سوێد كۆمیتەیەک پێک هاتووە ،بۆپشتگیری كردن لە ئۆرهان پامۆک لە دژی بڕیاری دادگای توركیا...دەربارەی ئەو دادگاییە كردنە ئۆرهان گووتی :لە وڵاتی ئێمە شتی ئاوا سەیر نیە كە هەندێک پێیان خۆشە ببینە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا و هەندێكیش دژن ، ئەوانەی دژن حەز دەكەن و چەپڵە لێدەدەن بۆ دادگایی كردنی من...پامۆک لە پێشانگای كتاب باسی دوا رۆمانی بەناوی بەفر دەكات ،ئەو رۆمانە دەربارەی شاری قارسە،رۆمانێكی سیاسیە....

بەرهەمەكانی ئۆرهان پامۆک:

**جەودەت وكوڕەكانی1982{ cevdet By ve ogullari...det and His sonsCev } ،**
**ماڵێكی بێدەنگ 1983{ Sessiz Ev...The Silent House }،**
**قەڵای سپی 1985{ Beyaz Kale...The White Castle }،**
**كتابی رەش 1990{ Kara Kitap...The Black Book }،**
**دەموچاوی(رووی)نهێنی(نادیار)1992{ Gizli Yuz...Secret Face }،**
**ژیانی نوێ 1995{ Yeni Hayat...New Life }،**
**رەنگەكانی تر1999{ teki RenklerÖ...The Other Colers }،**
**ناوم سۆرە(ناوی من سۆرە)2000{ Benim Adim Kirmizi...My Name is Red }،**
**بەفر2002{ Kar...Snow }.**

ئەمن نازانم ، ئایا هیچ رۆمانێكی ئەو نووسەرە كراوە بە كوردی یان نا، بەڵام خۆزگە وەكو مامۆستا شوكور مستافای زیندوو كوردیزانەكی توركی زان پەیدا دەبوو تاوەكو هەندێک بەرهەمی ئەو نووسەرە بۆ خوینەری كورد بكا بە كوردی...مامۆستا شوكور مستافای زیندوو بە زمانە كوردیە شیرینەكەی توانی رۆمانەكانی یەشار كەمال بخاتە ئامێزی خوێندەواری كورد.